وەزارەتی ناوخۆ

ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان

# کۆمەکی مرۆیی حکومەتی هەرێم بۆ ئاوارە و پەنابەران

ئۆپەڕاسیۆنی ڕزگارکردنی موسڵ

وەڵامدانەوەی قەیرانی مرۆیی لە هەرێمی کوردستان-عێراق

ڕاپۆرتی ژمارە(٩)، کانونی دووەمی ساڵی ٢٠١٧

## ناوەڕۆک:


١. دەرئەنجامەکانی قەیرانی موسڵ  لە لایەن وەزیری ناوخۆ............. ٣

٢. ئامادەکاری مرۆیی پێشوەختە.......................................... ٧

٣. وەڵامدانەوەی خێرا................................................... ٨

٤. هاوکاری و کۆمەکی مرۆیی............................................ ١٤

٥. هەماهەنگی و وەڵامدانەوە............................................ ١٤

٦. پوختەی ڕاپۆرت........................................................ ١٥

٧. پاشکۆی ژمارە ١: دەرمان و کەلوپەلی تەندروستی هەرە پێویست..... ١٧


**سەرچاوە:** داتا و زانیارییەکانی ئەم ڕاپۆرتە لە سەرچاوەی جیاواز وەرگیراون و لەوانەیە کەم و کوڕی لە شێوازی جیاوازی کۆکردنەوە و هەڵسەنگاندنی داتاکان لە سەرچاوەکان کاریگەری هەبێت لەسەر ڕاستی و دروستی داتاکان کە لەم ڕاپۆرتە خراونەتە ڕوو. بۆ زانیاری زیاتر تکایە پەیوەندی بکەن بە ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان:  jcc.moi@jcckrg.org.

## ١. دەرئەنجامەکانی قەیرانی موسڵ:

حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو پەڕی توانای خۆی خستووەتە گەڕ بۆ چاودێری کردن و پاراستنی هەزاران کەس کە لە ژێردەستی داعش هەڵاتوون لە ئەنجامی ئۆپەراسیۆنی ڕزگارکردنی پارێزگای موسڵ و دەورووبەری. جگە لەوەی کە پێشتر نزیکەی ١,٨ ملیۆن ئاوارە و پەنابەر لە هەرێمدا نیشتەجێ کراون، کاریگەرەییە خێراو بەرچاوەکانی ئەم شەپۆلی ئاوارەبووونە زۆرن، لەوانە: زۆر بوونی ڕێژی بەرچاوی بریندارەکان کە ڕوو لە نەخۆشخانەکان و کەرتی تەندروستی هەرێمی کوردستان دەکەن، فشارێکی زۆری خستووەتە سەر کەرتی تەندروستی لە هەرێم، هەروەها دابین کردنی ئاسایش و پاراستنی ئاوارە هاتووەکان و ئەو ئاوارە و پەنابەرانەش کە پێشتر لە هەرێمدا بوونیان هەبووە بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەی کردووە، کە ئەوەش بارگرانییەکی زۆرە بۆ سەر هەرێمی کوردستان.

لە سەرەتای دەستپێکی ئۆپەڕاسیۆنەکەوە لە ڕۆژی( ١٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٦ تا ٢٨ی کانوونی دووەمی ٢٠١٧ ) زیاتر لە (١٩٤،٠٠٠) کەس لە موسڵ و دەوروبەری هەڵاتوون و ئاوارە بوون. دواین زانیارییەکانی هەرێم ئاماژە بەوە دەکەن کە زیاتر لە (٩٦،٠٠٠) کەس لە ئاوارەکان گەیشتوونەتە هەرێم و لە پارێزگاکانی هەولێر و دهۆک دا چاودێریی دەکرێن.

لە کاتێکدا پلانی سەربازیی و ئامادەکارییەکان بۆ ڕزگارکردنی لای چەپی شاری موسڵ بەردەوامن، وا خەملێندراوە کە هێشتا زیاتر لە نیو ملیۆن کەس لە ناوچەی ژێر دەستی داعش دەژین لە ناو شارەکە و گریمانە دەکرێت زۆرینەیان ئەوێ جێبهێڵن و پێویستیان بە هاوکاری مرۆیی ببێت.

## پوختە:

هەرێمی کوردستان لە ئێستادا خانەخوێی (١,٨) ملیۆن کەسە؛ ٩٧٪ی پەنابەری سوری و ٤٠٪ ئاوارەی ناوخۆی عێراقی کە لە ئەنجامی شەڕی سوریا و کۆمەڵکوژی و توندوتیژییەکانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش و ئۆپەراسیۆنە بەردەوامەکان بۆ ڕزگارکردنی ناوچەکانەوە ئاوارە بوونە.

ئەو ئاوارانەی کە دەگەنە هەرێمی کوردستان زۆربەیان بریندارن و حاڵەتی دەروونیان باش نیە و پێویستیان بە چارەسەری خێرا و درێژخایەن هەیە. پێش ئۆپەراسیۆنی موسڵ، هەموو نەخۆشخانەکانی هەرێمی کوردستان پڕبوون لە پەنابەر و ئاوارەی ناوخۆ کە چارەسەریان بۆ کراوە بەبێ جیاوازی، لە ئێستادا ئەو فشارە زیاتر بووە بە جۆرێك مەترسی هەیە لەسەر بەردەوامبوونی کەرتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان ئەگەر بەجدییەوە گرنگی پێ نەدرێت.

هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان دەیان هەزاران کیلۆمەتر لە شار و گوند و ڕێگای ستراتیژی ژێر دەسەڵاتی داعشیان ڕزگارکردووە و پاک کردووەتەوە. ئەم سەرکەوتنە گەورەیە لە ئەنجامی قوربانیدانی گەورە و بەردەوام هەروەها شەهیدبوونی (١،٦٠٠) پێشمەرگە و برینداربوونی زیاتر لە (١٠،٠٠٠) پێشمەرگە بەدەست هاتووە. لە هەمان کاتدا، ئەو قەیرانە داراییەی لە ئەنجامی خەرجیی شەڕ و هاوکاری مرۆیی و دابەزینی نرخی نەوت و بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان بە بڕیاری حکومەتی فیدراڵی عێراق، هەرێمی کوردستانی ڕووبەرووی سەختترین قەیران کردەوە.

لە ئەنجامی ئەوەدا فەرمانبەران و هاوڵاتیانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێکی زۆری موچەکەیان کەم کرایەوە، ئەمەش کاریگەری نەرێیانەی لەسەر ڕیزەکانی پێشەوەی هێزەکانی پێشمەرگە و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری دروست کرد. ڕێژەی بێکاری سێ هێندە زیادی کردووە، لە ساڵی ٢٠١٣ دا لە ئەم ڕێژەیە (٣٪) بوو، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٦ دا بەرز بووەوە بۆ ١٤٪.

## خزمەتگوزاری تەندروستی.

بەهۆی قەیرانی دارایی و زۆربوونی ژمارەی ئاوارەکان و بەرزبوونەوەی ژمارەی بریندارەکان، کەرتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان تووشی کورتهێنان هاتووە، بەجۆرێك کە نەخۆشخانەکانی هەرێمی کوردستان لە توانایاندا نیە هەموو هاوکارییەکی پزیشکیی پێشکەش بە بریندارانی هێزەکانی عێراق و پێشمەرگە و هەزاران ئاوارەی بریندار و تەنانەت هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستانیش بکەن. ژمارەی یەککەی چاودێری و جێگای نەخۆش و دەرمانی پێویست ئەوەندە کەمن کە ناتواندرێت هەموو حاڵەتەکان وەربگیرێن. لە سەرەتای ئۆپەراسیۆنی سەربازی (١٧ کانوونی دووەمی ٢٠١٦) زیاتر لە (١٠،٣٤٠) برینداری مەدەنی گواستراونەتەوە بۆ نەخۆشخانەکانی هەرێم؛ لەوانە (٢،٣٤٠) کەسیان گواستراونەتەوە بۆ پارێزگای دهۆک و (٨،٠٠٠) بۆ پارێزگای هەولێر. ئەمە جگە لە ژمارەیەکی زۆر لە سەربازی عێراقی و پیشمەرگە. ئەگەر هاوکاری نێودەوڵەتی کەرتی تەندروست ی هەرێم نەکرێت، ئەوا هەرێم ڕووبەڕووی کارەسات دەبێتەوە.

چاودرێری تەندروستیی ئاوارەکان لەگەڵ هەبوونی قەیرانی دارایی و ناردنی بڕێکی کەمی دەرمان و پێداویستی پزیشکی لە لایەن حکومەتی ناوەندەوە. قەیرانە داراییەکە کاریگەری نەرێنیانەی لەسەر خزمەتگوزاری گشتی لە حکومەتی کوردستان بەجێ هێشت، و بێگومان کەرتی تەندروستیش بێ بەش نەبوو لەو کاریگەریانە. دکتۆرە شارەزاکان ناتوانن بۆ ماوەیەکی درێژ کاربکەن بۆ چارەسەری ئەو ژمارە زۆرەی بریندار و نەخۆشی ئاوارە.

## پەناگە:

بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق (MoDM) و کۆمسیاری باڵای نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران UNHCR، حکومەتی هەرێمی کوردستان پێنج خەیوەتگەی فریاگوزاری بونیات نا بۆ ئەو ئاوارانەی کە تازە ئاوارەی کەمپەکانی پارێزگای هەولێرو دهۆک دەبن. لە ئێستادا ئەو خێوەتگا فریاگوزاریانە تەواو بوون و توانای لە خۆگرتنی زیاتر لە (٢٦،٠٠٠) خێزان، واتە (٩٦،٠٠٠) کەسیان هەیە و ئێستا سەرجەمیان پڕ بوون لە ئاوارە. هەروەها وەکو قوناغی دووەم بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران (MoDM) و لایەنەکانی تر پێنج خێوەتگای تر بنیات نراوە بۆ لەخۆگرتنی لێشاوی ئاوارەی زیاتر کە لە موسڵەوە دێن. هەرێمی کوردستان تەنها توانای لەخۆگرتنی (١٠،٠٠٠) خێزانی هەیە لە کاتێکدا کە هەموو کەمپەکان بەتەواوەتی بنیات بنرێن. هەرچەندە خۆرهەڵاتی موسڵ ئازادکراوە، بەڵام بەهۆی ئالۆزیی باری مرۆیی و ئاسایش هاتنی ئاوارەکان بەردەوامە. ڕۆژانە (١٠٠٠) کەس هەڵدێن و ئاوارەی هەرێمی کوردستان دەبن. بەبێ هاوکاری نێودەوڵەتیی، بە سەدان هەزار ئاوارە ڕووبەڕووی سەرماو سۆڵە دەبنەوە لە زستاندا کە ئەوەش دەبێتە هۆی هەڕەشە لە سەر تەندرووستییان و تەنانەت گیان لەدەستدانیان.

جگە لەوەش، سەرەڕای ئامادەکردنی پلانی مرۆیی هاوبەش لە حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٦ بۆ ئازادکردنی شاری موسڵ و هەماهەنگییە بەردەوامەکان بۆ بەدەستهێنانی پشتگیری لەلایەن حکومەتی بەغدا و لایەنە نێودەوڵەتیەکان و لایەنەکانیتر، حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ هاوکاریەکی ڕاستەوخۆی بەدەست نەگەیشتووە بۆ وەڵامدانەوەی پێداویستیەکانی ئاوارەکان. لە ئێستادا حکومەتی هەرێمی کوردستان خەرجی بەڕێوەبردن و ڕێکخستن و ئاسایش و پاراستنی کەمپەکان و ناوەندەکانی پێشوازی گرتۆتە ئەستۆ، کە کۆی گشتی خەرجیەکان لە مانگێکدا گەیشتۆتە زیاتر لە (٣,٥) ملیۆن دۆلاری ئەمریکی. حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو جۆرە خزمەتگوزاریەکی پێشکەش بە ئاوارەکان کردووە و بۆ بەردەوامبوونیش لەو خزمەتگوزاریانە پێویستی بە هاوکاری دارایی و تەکنیکی ڕاستەوخۆ هەیە لە لایەن ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانەوە.

## پاراستنی ئاسایش:

بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی عێراق و لایەنە هاوبەشە مرۆییەکان، حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەندە بە هەڵوێستە مرۆییەکانی خۆیەوە بۆ پاراستنی ئاوارەکان و بەردەوامیشە لە هاوکاری کردنیان، یەک لەو هاوکاریانەش دۆزینەوەی ڕێگای ئازادکردنیان و گەیاندنیانە بۆ ناوچە پارێزراوەکان بەشێوەیەکی سەلامەت. هێزەکانی پێشمەرگە هەزاران کیلۆمەتر چوارگۆشەیان لەژێر دەسەڵاتی داعش ڕزگار کردووە و دەیەها گوندیان پاککردووەتەوە و ژیان و دڵنیایی و ئاسایشیان بۆ گەڕاندووەتەوە.

ئاوارە تازە گەیشتووەکان بۆ ماوەی زیاتر لە دوو ساڵ لە ژێر دەسەڵاتی داعش ژیانیان بەسەربردووە، و بەپێی ئەو زانیارییانەی کە بەدەستمان گەیشتوون داعش هەوڵ دەدات لە ڕێگای ئاوارەکانەوە دزە بکاتە ناو هەرێمی کوردستان. هەر بۆیە پێش چوونیان بۆ کەمپەکانی هەرێمی کوردستان پێویستە بە باشی پشکنین بۆ ئاوارەکان بکرێت. ئەمەش ئەرکێکی ئاڵۆزە و پێویستی بە کات هەیە، لە کاتێکدا لێشاوی هاتنی ئاوارەکان ڕوو لەزیادبوونە و ژمارەی ئامێری پشکنینی پێشکەوتوو زۆر کەمە، ئەو پشکنینە وردە لە سەرووی توانای هێزەکانی پاراستنی هەرێمی کوردستانەوەیە.

حوکمی داعش و جینۆسایدکردنی خەڵک وای کردووە بێ متمانەیی لە نێوان پێکهاتەکان دروست ببێت، بە تایبەت لە نێوان ژمارەیەکی زۆری پێکهاتەی ئاینی و نەتەوەییەکان کە بەهۆی کردەوە تیرۆرستیەکانی داعشەوەماڵەکانیان لەدەست داوە. لە ئەنجامی ئەوەشدا، ئەگەری ڕوودانی ئاژاوە و کاری تیرۆرستی هەیە لە نێوان لایەنەکان، بۆ ڕێگرتن لە دروست بوونی ئەو ئاژاوانە پێویست بە هاوکاریی نێودەوڵەتیی دەبێت لە ئێستا و لە داهاتوودا.

لە سەرەتای دەستپێکردنی توندوتیژیەکانەوە لە سوریا، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پێشەنگ بووە بۆ دالدەدان و هاوکاری کردنی ئاوارە و پەنابەرەکان. لە ئێستادا هەرێمی کوردستان پێشوازی زیاتر لە (١,٨) ملیۆن ئاوارەی عێراقی و پەنابەری سوری کردووە، ئەوەش وای کردووە ژمارەی دانیشتووانی هەرێم (٣٢٪) زیاد بکات. ئۆپەراسیۆنی ڕزگارکردنی موسڵ بووەتە هۆی ئاوارە بوونی (١٩٤،٠٠٠) کەس و ئەو ژمارەیەش ڕۆژانە لە زیادبووندایە. چاودێریکردنی ئاوارەکانیش لە ئەستۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانە. حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنها پشتگیری لە ئاوارەکان نەکردووە، بەڵکو ڕۆڵێکی سەرەکیشی بینیوە لە پلاندانانی وەڵامدانەوەی قەیرانی مرۆیی و پڕکردنەوەی پێداویستیەکانیان. وە مەبەست لەم پەیامە بە ئاگا هێنانەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیە لە بوونی کارەساتی مرۆیی و و ئەگەری ڕوودانی کارەساتی گەورەتر. هەروەها داواکردنی هاوکاری خێرای زیاتر بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەم بارودۆخە.

داوا لە هەموو لایەناکان؛ حکومەتی عێراق و نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەکەین بۆ پێشکەشکردنی هاوکاری ماددی ڕاستەوخۆ بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەردەوامبوونیان بۆ کەمکردنەوەی مەترسییەکان و کەمکردنەوەی کێشە مرۆییەکان. هاوکاریی دارایی خێرا گرنگە بۆ دامودەزگا حکومییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ وەڵامدانەوەی خێرا بۆ ئەو قەیرانە مرۆیانەی کە ڕوو دەدەن.

**کەریم سنجاری**

**وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق**

## ٢. ئامادەکاری مرۆیی پێشوەختە :

وەکو ئامادەکاریی بۆ پێشوازیکردنی ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارەکانی موسڵ و دەوروبەری لە ئەنجامی ڕزگار کردنی ناوچە داگیر کراوەکانی ژێر دەستی داعش، وەزارەتی ناوخۆ- ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکانی هەرێمی کوردستان پلانێکی هاوبەشی خێرای دارشت بۆ خۆ ئامادە کردن بۆ هاتنی لێشاوی ئاوارەکانی موسڵ. پلانەکە لە سەرەتای مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٦ راگەیانرا کە تیایدا داوای پشتگیریی خێرا و یارمەتی مرۆیی کرد بۆ ئاوارەکان. لە سەرەتای هەڵمەتی ڕزگارکردنی موسڵ، حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو سەرچاوە دارایی و مرۆیی و تەکنیکیەکانی خۆی خستۆتەگەر بۆ وەڵامدنەوەی هاتنی بەلێشاوی ئاوارەکان و ڕابەرایەتی تەواوی هەماهەنگی کردووە بۆ هەموو لایەنە مرۆییەکان بۆ دڵنیابوون و مسۆگەرکردنی هەماهەنگی و هاوکاری پێویست لە نێوان لایەنەکان و حکومەت و ڕێکخراوە نا حکومیەکان. حکومەتی هەرێمی کوردستان دە شوێنی تەرخان کرد ( پێنج لە پارێزگای دهۆک و پێنج لە پارێزگای هەولێر ) بۆ دروستکردنی کەمپ بۆ ئاوارەکان، هەردوو پارێزگاکە ئەوپەڕی توانای خۆیان خستەگەڕ بۆ دابینکردنی جێگا و خێمەی پێویست بە کاتێکی کەم و سەرچاوەی سنوردارەوە.

هەروەکو لە خشتەی ژمارە (١) روونکراوەتەوە، پارێزگای دهۆک پێنج کەمپیان ئامادە کرد بۆ دابین کردنی پەناگەی پێویست بۆ (٩٦،٨٧٦) ئاوارە. کەمپی قەیماوە هەموو خێمەکانی پڕبووە و کەمپی نێرگزلیە-١ دەستی کرد بە وەرگرتنی ئاوارە و بوونی توانای وەرگرتنی ژمارەیەکی زۆرتری ئاوارە. هەتاوەکو ٢٨ کانوونی دووەمی ٢٠١٦، (٢،٤٦٤ خێزان کە دەکاتە ١٣،٢٤٨ کەس) خێمەیان بۆ دابین کراوە لە هەر دوو کەمپی ناوبراو. لەگەڵ تەواوکردنی تەواوی کەمپەکان (١٢،٦٠٠) خێمەی بەتاڵی تر لە بەردەست دەبێت بۆ وەرگرتنی ئاوارەکان.

**خشتەی ژمارە (١): خێوەتگەی ئامادەکراو لە پارێزگای دهۆک.**

| پارێزگا | کەمپەکان | خێوەتگەکان | توانای وەرگرتنی تاک | بارودۆخ | خێوەتگەی پرکراوە | خێوەتگەی بەتاڵ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| دهۆک | ئەمەلە | ٣،٠٣٢ | ١٨،١٨٠ | کراوەیە | ...... | ٣،٠٣٢ |
| | قەیماوە | ١،٠٣٠ | ٦،١٨٠ | کراوەیە | ١،٠٣٠ | ..... |
| | نێرگزلیە-١ | ٢،٦٦٢ | ١٥،٩٧٢ | کراوەیە | ١،٤٣٤ | ١،٢٢٨ |
| | نێرگزلیە-٢ | ٤،٠٨٠ | ٢٤،٤٨٠ | لە ژێر دروستکردندایە | ...... | ٤،٠٨٠ |
| | زیلیکان | ٤،٣٤٤ | ٢٦،٠٦٤ | لە ژێر دروستکردندایە | ..... | ٤،٣٤٤ |
| کۆی گشتی | ٥ | **١٥،١٤٨** | **٩٦،٨٧٦** | | **٢،٤٦٤** | **١٢،٦٨٤** |

له پارێزگای هەولێر پێنج کەمپ ئامادەکراوە کە لە (٢٤،٠٣٤) لە خێمە پێکدێت، کە توانای وەرگرتنی (١٤٤،٣٦٢) کەسیان هەیە. لەسەرەتای هەڵمەتی ڕزگارکردنی موسڵ، پارێزگای هەولێر لێشاوێکی گەورەی وەرگرتنی ئاوارەکانی بە خۆیەوە بینی و چاوەڕوانی ژمارەیەکی زیاتریشە. تا ئێستا پێشوازی لە (١٦،٧٤٠) خێزان، واتە (١٠٠،٤٤٠) کەس کردووە. نزیکەی (٨٥،٠٠٠) کەس لە کەمپەکانی حەسەن شام و خازر نیشتەجێکراون و نزیکەی (٧،٢٥٢) خێمە ماونەتەوە بۆ وەرگرتنی ئاوارەی زیاتر (خشتەی ژمارە ٢).

**خشتەی ژمارە (٢): خێوەتگەی ئامادە کراو لە پارێزگای هەولێر.**

| پارێزگا | کەمپەکان | خێوەتگەکان | توانای وەرگرتنی تاک | بارودۆخ | خێوەتگەی پڕکراوە | خێوەتگەی بەتاڵ |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| هەولێر | خازر M١ | ٧،٠٠٠ | ٤٢،٠٠٠ | کراوەیە | ٦،٠٠٦ | ٩٩٤ |
| | حەسەن شام U٢ | ٢،٠٠٠ | ١٢،١٤٤ | لە ژێر دروستکردندایە | ..... | ٢،٠٠٠ |
| | حەسەن شام U٣ | ١،٩٣٠ | ١١،٥٨٠ | لە ژێر دروستکردندایە | ١،٨١٦ | ..... |
| | حەسەن شام M٢ | ٦،٠٠٠ | ٣٦،٠٠٠ | کراوەیە | ٤،٨٥٢ | ١،١٤٨ |
| | چەرمۆک | ٢،٤٠٠ | ١٤،٤٠٠ | کراوەیە | ..... | ٢،٤٠٠ |
| | دیبەگە | ٤،٧٠٦ | ٢٨،٢٣٨ | کراوەیە | ٤،٠٣٢ | ٦٧٤ |
| کۆی گشتی | ٦ | ٢٤،٠٣٦ | ١٤٤،٢١٦ | | ١٦،٧٤٠ | ٧،٢٥٢ |

لەگەڵ ڕزگارکردنی پارێزگای موسڵ باری سەرشانی هەرێمی کوردستان قورستر بووە بەتایبەتی لایەنی دارایی و ئاسایش و مرۆیی. خشتەی ژمارە (٣) ئەوە روون دەکاتەوە کە تا ئێستا (١،٨١٦،٦٧٧) ئاوارە و پەنابەر لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێ کراون. پێش پرۆسەی ڕزگارکردنی موسڵ و ناوچەکانی تر ژمارەیان (١،٧١٨،٤٣٠) کەس بوون بەڵام لەگەڵ پرۆسەکە (٩٨،٢٤٨) کەسی تر هاتنە هەرێمەوە کە ژمارەیان گەیشتووەتە (١،٨١٦،٦٧٧) کەس.

خشتەی ژمارە (٣): ژمارەی ئاوارە و پەنابەرەکان لە هەرێمی کوردستان.

| | #کەس لە پارێزگای دهۆک | #کەس لە پارێزگای هەولێر | #کەس لە پارێزگای سلێمانی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| پەنابەر | ٨١،٠٢٤ | ١٠٩،١٤٩ | ٢٩،٢٩٥ | ٢١٩،٤٦٨ |
| ئاوارە | ٦٤٩،٠٨٥ | ٥٦٠،٣٢٠ | ٢٨٩،٥٥٦ | ١،٤٩٨،٩٦٢ |
| تازە هاتووەکان | ١٣،٢٤٨ | ٨٥،٠٠٠ | ..... | ٩٨،٢٤٨ |
| کۆی گشتی | ٧٤٣،٣٥٧ | ٧٥٤،٤٦٩ | ٣١٨،٨١٥ | ١،٨١٦،٦٧٧ |

## ٣. وەڵامدانەوەی خێرا:

وەزارەتی ناوخۆ- ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق و نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەماهەنگیی کاروباری مرۆیی (UNOCHA) چەندین میکانیزمی دامەزراند بۆ دڵنیابوون لە هاوکاری و کارئاسانیکردن بۆ ئاوارە تازەهاتووەکانی موسڵ و دەوربەری. بۆ ئەم مەبەستە گرووپی کارکردنی هاوبەش لەسەر ئاستی هەرێمی و فیدراڵی دامەزرا. لەسەر ئاستی فیدراڵی، تیمی ڕاوێژکاری باڵا تەرخانکرا بۆ دەستنیشانکردنی پێداویستی ئاوارەکان و دابینکردنی هاوکاریە مرۆییەکان بۆیان.

هاوکارییە سەرەکییەکان بەم شێوەیە دیاریکراون: خواردن و خۆراکی خێرا، دابینکردنی جێگای خێرا و پێداویستیە ناخۆراکیەکان، ئاو و پاکوخاوێنی، تەندروستی و ئاسایش و پاراستن. بە هەماهەنگ و هاوکارییەکی نزیک لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگە و ئاسایش، ڕۆژانە بە هەزارەها خێزان دەگەنە بەرەکانی پێشەوەی جەنگ کە لە دەستی داعش هەڵهاتوون و پێداویستەکانی ژیانیان بۆ دابین دەکرێت بە تایبەتی خواردنی ئامادەکراو و ئاوی پێویست بۆ ڕزگارکردنی ژیانیان. دوابەدوای ئەوە دەگوازرێنەوە بۆ نزیکترین ناوەندی پێشوازی و لەوێشەوە دەگوازرێنەوە بۆ کەمپەکان. حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو پێداویستیەکانی مانەوە لە ژیان دابین دەکات لەگەڵ خزمەتگوزاریە سەرەکیەکان وەکو خێمە و ئاسایش و پاراستن، خواردن و کەلوپەلە ناخۆراکیەکان و پێداویستی تەندروستیی، بە هاوکاری لەگەڵ وەزارەتی کۆچ و کۆچبەران، ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕێکخراوە ناحکومیە نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکان. ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان ئەوپەڕی توانای خستووەتەگەڕ بۆ دابینکردنی پێداویستی و یارمەتیدانی ئاوارەکان. گرینگترین هاوکاری و پشتگیری کە بۆ ئاوارەکان دابینکراوە لە لایان هەرێمی کوردستان بە بێ جیاوازی بریتین:

## خواردن و خۆراک پێدان:

- دابینکردنی خواردنی گەرم و ئامادەکراو بۆ هەموو ئاوارەکان لە ڕۆژانی سەرەتای گەیشتنیان.
- زەمبیلەی خواردن بۆ خێزانەکان بەتایبەتی خۆراکە سەرەکیەکان.
- دابینکردنی خۆراک بۆمنداڵە شیرە خۆرەکان.

## دابینکردنی جێگای خێرا و پێداویستیە ناخۆراکیەکان:

- دابینکردنی جێگای مانەوە لە کەمپەکان و ناوەندی پێشوازی لە کەشێکی ئارام و دوور لە بەرەکانی جەنگ.
- جێگای نوستن و کەلوپەلی چێشتخانە و کەلوپەلەکانی تری وەکو سەتڵ و گۆزە و سۆپا و هیتەر و تەباغی چێشت لێنان.

## ئاو و پاک و خاوێنی:

- ئاوی پالێوراوی ناو بوتڵ بۆ سەرەتا سێ ڕۆژی گەیشتنیان.
- دابەشکردنی ئاوی خاوێن و تەندروست بە تانکەر بۆ سەرجەم ئاوارەکان.
- دابینکردنی تەوالێت و حەمام و لەگەڵ مەرجە تەندروستیەکان و ئاوی پێویست.
- دابینکردنی ئاوەڕۆ و زبڵدان و کۆکردنەوەی تەنی ڕەق و پاراستنیان لە پاشماوەکان.

## تەندروستی:

- دابینکردنی چارەسەری تەندروستی خێرا و چاودێری کردنی بریندارەکان و نەخۆشیە درێژخایەنەکان کە دەگەنە هەرێمی کوردستان.
- دامەزراندنی نەخۆشخانەی گەڕۆک و جێگر لە کەمپەکان لەگەڵ پەرستار و دەرمانی پێویست بۆ دەستنیشانکردنی نەخۆشی و چارەسەرکردنیان یاخود گواستنەوەیان بۆ نزیکترین ناوەندی پزیشکی.
- دابینکردنی تەندروستی وپەیڕەوکردنی بەرنامەی MCH کە تایبەتە بە تەندروستی دایکان و منداڵان.
- خوولی پاراستنی تەندرووستی منداڵان لە تەمەنی گونجاودا.
- چەندین ئۆتۆمبێلی فریاگوزاری دابینکراوە لە ناوەندەکانی پێشوازی بۆ گواستنەوەی ئاوارەکان لە کەمپەکان بۆ نزیکترین نەخۆشخانەی هەرێم دوای ڕێنمایی لە لایەنە بنکە تەندروستیەکانی کەمپەکان.

## ئاسایش و پاراستن:

- دابینکردنی ئاسایش و پاراستنی ئاوارەکان لە کەمپەکان و ناوەندی پێشوازی و ناوچەکانی تر.
- پتەوکردنی بنەما یاساییەکان لە کەمپەکان، و دووورکەوتنەوە لە دزەکردنی کەلوپەلە سەربازیەکان. و تا ئێستا هیچ ڕوداوێکی لەم شێوەیە ڕووی نەداوە لە کەمپی ئاوارەکان.
- دڵنیابوون لە سەلامەتی کارمەندان لە کاتی هەڵسەنگاندن و سەردانیکردن و گەیاندنی هاوکارییە مرۆییەکان.
- دڵنیابوون لە بەردەوام دابینکردنی خزمەتگوزاریە مرۆییەکان بۆ سەرجەم ئاوارەکان بە بێ جیاوازی.
- تۆمارکردنی زانیاری پێویست لەسەر ئاوارەکان و کەمپی ئاوارەکان و ناوچەکانی دەوروبەری بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری.
- دانانی میکانیزمێکی چاودێریکردن و دڵنیابوون لە پەیڕەوکردنی مافەکانی ئاوارە و پاراستنیان لە هەر دەست درێژییەک بەتایبەتی دەست درێژیکردنی سێکسی.
- دیاری کردنی مندالآنی خاوەن پێداویستی تایبەت و ئەو مندالآنەی کە لە خێزانەکانیان دابڕاون، و هەوڵدان بۆ گەیاندنەوە بە خێزانەکانیان و دابینکردنی خزمەتگوزاری بۆیان.
- پاراستنی مافەکانی منداڵ و گرینگیدان بە پێداویستی منداڵەکان لە سەرجەم کەمپەکان.

## ئەو هاوڵاتیانەی کە لە ناوچە ئازادکراوەکان ماونەتەوە:

ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان هەموو هەوڵ و کۆششەکانی خۆی خستووەتەگەڕ بۆ دەستنیشان کردنی ئەو هاوڵاتیانەی لە ناوچە ئازاد کراوەکان ماونەتەوە. و گەیاندنی هاوکاری پێویست بۆ ئەو هاوڵاتیانەی هێشتا لە ماڵەکانی خۆیانن لە ناوچە جەنگیەکان و ناوچە ئازادکراوەکانی پارێزگای موسڵ و دەوروبەری. لە سەرەتای دەستپێکردنی پرۆسەی ڕزگارکردنی موسڵ و دەوروبەری، ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان هاوکاری مرۆیی لە جۆری ماددەی خۆراکی و ناخۆراکی گەیاندووەتە نزیکەی (١٥٠،٠٠٠) کەس بە هاوکاریی لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگە و ئاسایش. و یارمەتی تێپەڕبوونی کۆمەکە مرۆییەکانی داوە کە لە لایەن لایەنەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە ناحکومیە نێودەوڵەتیەکان و ناوخۆیەکان دابین کراوە، تیایدا (٨٨٩) بارهەڵگر کە بە هەزارەها تەن هاوکاری مرۆیی پێکاهتوون گەیەنرایە ئەو خێزانانەی کە لە ماڵەکانیان ماونەتەوە. ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان بە

بەردەوام چاودێری ئەو خێزانانە دەکات بۆ دڵنیابوون لە گەشتنی هاوکاری پێیان و مانەوەیان لەماڵەکانی خۆیان لە کاتێکدا هاتنە دەرەویان مەترسی لە سەر ژیانیان دروست دەکات.

لەگەڵ ئەوەشدا ناوەند یارمەتی ئاوارەکان و پەنابەرەکان دەدات بۆ گەڕانەوەیان بۆ ناوچە ئازاد کراوەکان بەڕێز و ویستی خۆیان. و نزیکەی (١٠،٣٠٩)کەس تا ئێستا گەڕاونەتەوە بۆ ناو موسڵ و ناوچەکانی دەوروبەری.

## ژووری کاروباری هاوکاری مرۆیی (OSS) :

لەسەر داوای کەرتی لۆجیستی و ڕێکخراوی خۆراکی جیهانی، ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاریدا بە دامەزراندنی ژووری کاروباری هاوکاری مرۆیی لە ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان بۆ زیاتر ئاسانکردنی و جموجۆڵی هاتنی هاوکاریە مرۆییەکان بۆ ناو هەرێمی کوردستان لە ڕێگای ڕێکخراوە مرۆیی و وڵاتە کۆمەکبەخشەکانەوە. مەبەست لە بوونی ئەو ژوورە بریتیە لە کەمکردنەوەی پرۆسەکانیبەخشین لە گومرگ. وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگای ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکانەوە، هەڵساوە بە دابینکردنی کەلوپەلی نوسینگە و کارمەندان، وەزارەتە پەیوەندیدارەکانیش بۆ نموونە وەزارەتی دارایی و ئابووری، وەزارەتی تەندروستی، فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوە و چەند فەرمانگەیەکی تریش نوێنەری خۆیان دەستنیشان کردوە بۆ کارکردن لە ژووری کاروباری هاوکاری مرۆیی. لە ئێستادا ئەم ژوورە لەکاردایە و ڕەزامەندی بەخشیوە بە هەزاران تەن هاوکاری جۆراوجۆری مرۆیی کە هاتوون بۆ هەرێمی کوردستان و بەشەکانی تری عێراق.

لە کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٦، ژووری کاروباری هاوکاری مرۆیی کارئاسانی کردووە بۆ زیاتر لە (٨٨) بارهەڵگر کە پێکهاتوون لە هەزاران تەن هاوکاری ئەمەش بە مەبەستی نەدانی باج لە دەروازە و فرۆکەخانە نێودەوڵەتیەکانەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، تا ئێستا ژووری کاروباری هاوکاری مرۆیی ڕێگەی بە (٢٠٠) مۆڵەتی تێپەڕبوون داوە بۆ ناردنی هاوکاری مرۆیی، کە لە (٨٨٩) بارهەڵگر پێکهاتبوون، بۆ ناوچە ئازادکراوەکانی دەوروبەرو و شاری موسڵ .

## دروستکردنی کەمپ و ناوەندی پێشوازی:

لە هەرێمی کوردستان هەبوونی کەمپ و ئاوارە شتێکی تازە نیە. حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هاوکاری ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان, لە ساڵانی ڕابردوودا بەڕێوەبردن و خزمەتکردنی ئاوارەو پەنابەرانی گرتۆتە ئەستۆ. حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئێستادا (٣٢) کەمپی بونیات ناوە بۆ ئاوارەکانی ناوخۆی عیراق و پەنابەرانی سوریا. هەروەها دوای دەستپێکردنی پرۆسەی ڕزگارکردنی موسڵ (١٠) کەمپی تریش بونیات نراون لەگەڵ پێنج ناوەندی پێشوازی لە بەرەکانی پێشەوە بۆ پێشوازی کردن لە ئاوارەکانی موسڵ.

لە ئێستادا، لە هەرێمی کوردستان (٤٦) کەمپ هەیە بۆ ئاوارە و پەنابەران کە بە تەنیا (١٠) کەمپیان بۆ ئاوارەکانی موسڵ بوونیات نراون. بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی ئاسایش و پاراستن و پێداویستیە سەرەتاییەکان لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە دابینکراوە کە بە ملیۆنەها دۆلاری ئەمریکی خەملێندراوە لە هەر مانگێکدا. هاوکاریەکانی حکومەتی عێراق و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان بە بەراورد لەگەڵ ژمارە و پێداویستی ئاوارەکان وەکو پێوست نیە، ئەمە سەرەڕای بەربەستی دارایی و ئاسایش، تێچووی بەڕێوەبردن و خزمەتگوزاری بۆ ئاوارە و پەنابەران بۆ هەر مانگێک  پێویستی (١٢٠) ملیۆن دۆلار دەبێت.

## ناوەندی پێشوازیی:

ناوەندی پێشوازیی بریتیە لە یەکەم خاڵی پێشوازی کردن لەو ئاوارانەی کە لەژێر دەسەڵاتی داعش هەڵاتوون بۆ گەیشتن بە ناوچە ئارامەکان. مەبەست لە بوونی ناوەندە پێشوازی کردنە لە ئاوارەکان لە یەک شوێن و ئاسانکاری کردنە بۆ وەرگرتنی پێداویستی سەرەکی وەکو خۆراک، ئاو، و پێداویستی تر. لەشارەکانی هەولێر و دهۆك پێنج ناوەندی پێشوازی بونیات نراوە لە پێنج ڕێگای سەرەکی (حەسەن شام، نێرگزلیە، کارێز، ناوەران، و مەندان) لەگەڵ ناوەندی مەخمور. لە هەر ناوەندێک ئۆتۆمبێلی فریاگوزاری دانراوە بۆ گواستنەوەی ئاوارە  نەخۆش و بریندارەکان بۆ نەخۆشخانەکانی ناو شار یان بۆ بنکە تەندروستیە گەڕۆکەکان. وە هەروەها دابینکردنی (٣٠) پاس بۆ گواستنەوەی ئاوارەکان لە خاڵەکانی پێشەوە بۆ ناوەندەکانی پێشوازی بە بەردەوامی، لە زۆر کاتیشدا هێزەکانی پێشمەرگە بە ئۆتۆمبێلەکانی خۆیان ئاوارەکان دەگوازنەوە. ناوەندی پێشوازی لە لایەن کاربەدەستانی پارێزگای ناوچەکە و نوێنەری ڕێکخراوە مرۆییەکان بەڕێوەدەچێت. وە هەروەها هەموو لایەنەکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان بەشدارن لە ڕێکخستن و پاراستنی ئاسایشی ناوەندەکان.

| خشتەی ژمارە (٤): ناوەندەکانی پێشوازی | |
| --- | --- |
| شوێنی ناوەندەکانی پێشوازی | شێوازی بونیاتنان |
| مەندان- بەردەڕەش | ٨٠ خێوەتگە + ٢ هۆڵ + ئامرازەکانی ئاو و ئاوەڕۆ |
| نێرگزلیە | ٨٠ خێوەتگە + ٢ هۆڵ + ئامرازەکانی ئاو و ئاوەڕۆ |
| ئەبو جەربوعە- ناوەران | ٢ هۆڵ + ئامرازەکانی ئاو و ئاوەڕۆ |
| کارێز- زومار | ٨٠ خێوەتگە + ٢ هۆڵ + ئامرازەکانی ئاو و ئاوەڕۆ |
| حەسەن شام | ئامرازەکانی ئاو و ئاوەڕۆ |

## ٤. هاوكاری و كۆمەكی مرۆیی:

ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەكان بەشێوەیەكی بەرفراوان كاری لەگەڵ ڕێكخراوە حكومی و نا حكومییەكان كردوە بۆ گەیاندنی هاوكاری مرۆیی بۆ ئاوارەكان، و هەوڵی زۆری داوە بۆ بەرجەستەكردنی كاری هاوبەش لە نێوان ڕێكخراوە حكومی و نا حكومییەكان، بە مەبەستی گەیاندنی هاوكاریە مرۆییەكان بەشێوەیەكی ڕێكو پێك و دووركەوتنەوە لە دووبارە بونەوەی گەیاندنی هاوكارییە مرۆییەكان لە نێوان لایەنە هاوبەشەكاندا.

جێگای نیگەرانیە كەوا حكومەتی هەرێمی كوردستان تەنها (٤٣ ملیار دیناری عێراقی كە ٢٠ ملیاری بۆ پارێزگای دهۆك و ٢٣ ملیاری بۆ پارێزگای هەولێر) بەدەست گەیشتوە لە لایەن وەزارەتی كۆچ و كۆچبەرانەوە بۆ بنیاتنانی دوو كەمپ لە پارێزگای هەولێر بە ڕوبەری (١٣،٠٠٠ خێوەتگە) و بنیاتنانی سێ كەمپ لە پارێزگای دهۆك بە ڕوبەری (١٠،٠٠٠ خێوەتگە). حكومەتی هەرێمی كوردستان تێچووی بەڕێوەبردن و پاراستنی ئاسایشی هەموو ئاوارەكانی ناو كەمپەكان و ناوەندەكانی لەخۆگرتووە. هەروەها بە هەزاران پۆلیس و خەڵكی مەدەنی و پێداویستیەكانی پاراستنی جێگیركردوە بۆ پێشوازی كردنی ئاوارەكان بە شێوەیەكی گونجاو و ڕێزلێگرتنیان و پاراستنی مافەكانیان. بودجەی خەملێندراو بۆ بەڕێوەبردن و بەكاربردنی كەمپە تازەكانی ئاوارەكانی موسڵ و ناوەندەكانی پێشوازی كردن لە هەر مانگێكدا بریتیە لە یەك ملیۆن دۆلاری ئەمریكی. كەچی تا ئێستا حكومەتی هەرێمی كوردستان هیچ هاوكاریەكی ماددی نەكراوە كە پێداویستیەكان پڕبكاتەوە و تەنها لە مانگی كانونی دووەم دا (٧٤٠،٠٠٠ دۆلاری ئەمریكی) لەلایەن وەزارەتی كۆچ و كۆچبەرانەوە بەدەست گەیشتووە. لە كاتێكدا كە هەر یەك لە ئاوارەكان پێویستیان بە (٣،٧) دۆلاری ئەمریكی هەیە لە ڕۆژێكدا بۆ دابینكردنی خزمەتگوزاریەكانی ڕۆژانە لە كەمپەكاندا. تا ئێستا بە هەماهەنگی و هاوكاری لایەنە حكومیەكان و ڕێكخراوە مرۆیەكان و ڕێكخراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەكان كار بۆ گەیاندنی هاوكاری مرۆیی دەكەن بۆ ئاوارەكانی موسڵ، بەڵام ئەگەر ئەم لێشاوەی ئاوارە بوونە بەردەوام بێت ئەوا حكومەتی هەرێمی كوردستان توانای دابینكردنی پاراستن و ئاسایش و گەیاندنی خزمەتگوزاری نامێنێت بۆ ئاوارەكان ئەگەر هاوكاری مرۆیی خێرا بەدەست نەهێندرێت.

## ٥. هەماهەنگی و وەڵامدانەوە:

وەزارەتی ناوخۆی حكومەتی هەرێمی كوردستان لە ڕێگەی ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەكان دامەزراندووە بەمەبەستی هەماهەنگیكردن لە نێوان لایەنە حكومی و ناحكومیەكان بۆ وەڵامدانەوەی قەیرانە مرۆییەكان. دروستكردنی گروپی كاركردنی هاوبەش لە ئاستی حكومەت بۆ جەختكردنەوە لە هەماهەنگی وەڵامدانەوە وە لە ئاستی هەرێمەكان بۆ جەختكردنەوە لە پاراستنی ئاسایش و جێبەجێكردنی پلانەكە بە سەركەوتویی وە هەروەها

جەختکردنەوە لەسەر گەیاندنی هاوکاریەکان بۆ ئاوارەکان و زیان پێکەوتوان بەشێوەیەکی یەکسان.

سەرباری ئەم هەماهەنگیانە، ڕۆڵی لایەنەکانی گروپی کارکردنی هەرێمەکان دروستکردنی پردێکە لەنێوان تیمی جێبەجێکردن و تەکنیکی لەگەڵ تیمی ڕاوێژکاری باڵا (HAT) بۆ جەختکردنەوە لەسەر ئاڵوگۆڕی زانیاریە بەردەستەکان و ڕاپۆرت و هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکە لە ڕووی ئامادەکاریەکان و جێبەجێکردن و بۆشاییەکان بۆ وەڵامدانەوەی تیمی ڕاوێژکاری باڵا بە شێوەیەکی خێرا.

وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان و پارێزگاکان بەشێوەیەکی بەرچاو کار بۆ وەڵامدانەوەی قەیرانە مرۆییەکانی شاری موسڵ دەکەن. و ڕۆڵێکی سەرەکیان هەیە لە دابینکردنی زۆرترین هاوکاری بۆ لایەنەکان بە مەبەستی جەختکردنەوە لەسەر ئامادەکاریەکان و وەڵامدانەوە. بەم شێوەیە ئامادەکاریەکان و وەڵامدانەوەی قەیرانی موسڵ بۆتە نمونەیەک تاکو ئێستا، هەروەها هەموو ئاوارەکان و ئەو کەسانەی کە تا ئێستا لە ماڵەکانی خۆیان ماونەتەوە بە بێ هیچ جیاوازی لە ڕووی ئاین و نەتەوایەتی و بیروڕای سیاسییەوە هاوکاری کراون.

هەروەها حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرکەوتووانە و بە بەردەوامی ئەوپەڕی توانای خۆی خستووەتەگەڕ بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ ئەو شوێنانەی کە لێوەی هاتوون، تاکو ئێستا یارمەتی (١٠،٣٠٩) ئاوارە دراوە کە خۆبەخشانە بگەڕێنەوە ماڵەکانی خۆیان لە ناوچە ئازادکراوەکانی موسڵ. سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕوون و جێگیرە سەبارەت بە گەڕانەوەی ئاوارەکان لەژێر کەشێکی ئارام و جێگیر بۆ ناوچە ئازادکراوەکان، و هەوڵی زۆری داوە بۆ جەختکردنەوە لە پرۆسەی گەڕانەوەیان بە سەرکەوتوویی و شەفافیەتەوە کە لە بەرژەوەندی ئاوارەکاندا بێت لەگەڵ ڕێزگرتن لە هەموو بنەما مرۆییەکان و ئاسایش و سەلامەتیان.

## ٦. پوختەی کۆتایی:

حکومەتی هەرێمی کوردستان دەرگای واڵا کردووە بۆ ئاوارە و پەنابەرە مەدەنیەکان، لە سەرەتای دەستپێکردنی شەری سووریا لە ساڵی (٢٠١١)، و هێرشکردنی داعش لە حوزەیرانی ساڵی (٢٠١٤) لە عێراق. هەرێمی کوردستان بۆتە پەناگەیەک بۆ ئەم ئاوارانە، لە ڕووی دابینکردنی ئاسایش و خزمەتگوزاریەکان بەبێ جیاوازی کردن لە ڕەگەز و ئایین و کەلتورو بیروڕای سیاسی بۆ نزیکەی (١,٨) ملیۆن ئاوارە و پەنابەر. لە ئێستادا حکومەتی هەرێمی کوردستان (٤٠٪) ئاوارەی عێراقی و(٩٧٪) پەنابەری سووری لەخۆ دەگرێت.

لە سەرەتای دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی شاری موسڵ و دەوروبەری لە ١٧ تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠١٦، حکومەتی هەرێمی کوردستان و دام و دەزگاکانی ڕۆڵێکی سەرەکیان بینیوە بۆ لەخۆگرتن وپێشکەشکردنی هاوکاری و دابینکردنی شوێنی حەوانەوە بۆ ئەو ئاوارانەی هەڵاتوون لەو ناوچەکانی شەڕ ە لەژێر دەسەڵاتی داعش، وە هەروەها هاوکاری کردنی ئەو هاوڵاتیانەی کە لە ماڵەکانی خۆیان لە شاری موسڵ ماونەتەوەو ئێستا ئازاد کراون.

سەرەڕای قەیرانی دارایی و بارگرانی ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارەکان، حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ هاوکاریەکی ڕاستەوخۆی بەدەست نەگەیشتووە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە داراییەی کە بەهۆی قەیرانە مرۆیەکان بوونی هەیە. توانای هەرێمی کوردستان زۆر سنوردارە و ئەگەر بەم جۆرە بەردوام بێت توشی کارەساتی مرۆیی و هەرەسهێنان دەبێت. بۆیە حکومەتی عێراق و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان پێویستە هاوکاری ڕاستەوخۆ پێشکەش بکەن تاوەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان بتوانێت بەردەوام بێت لە پێشکەشکردنی هاوکاری مرۆیی و خزمەتگوزاری بۆ ئاوارەکانی موسڵ و هەموو ئەو ئاوارانەی کە لەئێستادا بوونیان هەیە لە هەرێمی کوردستان. لە ئێستادا، بەهۆی ئەو شەپۆڵە زۆرەی هاتنی ئاوارە بۆ هەرێمی کوردستان، هاوڵاتیانی ڕووبەڕووی قەیرانی دارایی بوونەتەوە ئەوەش وای کردووە ئاستی هەژاری بەشێوەیەکی بەرچاو بۆ (١٤٪) زیاد بکات کە لەم خشتەی خوارەوە ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی ژمارە(٥): ڕێژەی برسێتی لە هەرێمی کوردستان




لە کۆتایدا، بە بێ هاوکاری کردنی ڕاستەخۆ بۆ هەرێمی کوردستان، حکومەتی هەرێمی کوردستان ناتوانێت بەردەوام بێت لە وەرگرتنی ئاوارەی تازە و بەردەوام بێت لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ ئاوارەکان و پەنابەران و هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان. هاوکاریکردنی ئاوارەکان بەرپرسیارییەتێکی هاوبەشە لە نێوان حکومەتی عێراق و کۆمەڵگە نێودەوڵەتی بۆ هەوڵدانی زیاتر بۆ کەمکردنەوەی کەم و کوڕیەکان و کێشەکان کە ڕووبەڕووی ئاوارەکان و هاوڵاتیان دەبێتەوە.

## ٧. پاشكۆكان:

### پاشکۆی ژمارە ١: دەرمانی تەندروستی هەرە پێویستەکان

| | |
|---|---|
| زۆر پێویست | (red) |
| پێویست | (yellow) |
| تاڕادەیەک پێویست | (green) |

**ناوی دەرمان و پێداویستی پزیشکییە سەرەکییەکان**

| # | CARDIOVASCULAR SYSTEM | TOTAL Quantity/ MONTH/UNIT |
|---|---|---|
| ١. | Digoxin ٢٥٠ mcg scored Tablet | ٧٧٧٧٨ |
| | DIURETICS | |
| ٢. | Frusemide ٤٠mg Tablet | ٣٣٣٣٣٣ |
| ٣. | Hydrochlorothiazide ٥٠mg scored Tablet | ٤٤٤٤٤٤ |
| | BETA-ADRENOCEPTER BLOCKING DRUGS | |
| ٤. | Atenolol ١٠٠mg Tablet | ٥٥٥٥٥٦ |
| ٥. | Atenolol ٥٠mg Tablet or (scored tab) | ٤٤٤٤٤٤ |
| ٦. | Propranolol Hcl ٤٠mg Tablet (or scored Tablet) | ١٥٥٥٥٦ |
| ٧. | Metoprolol tartrate ٥٠mg Tablet | ٢٢٢٢٢٢ |
| ٨. | Metoprolol tartrate ١٠٠mg Tablet | ١٥٥٥٥٦ |
| | ANTI-HYPERTENSIVE DRUGS | |
| ٩. | Captopril ٢٥mg Tablet | ٣٥٥٥٥٦ |
| ١٠. | Captopril ٥٠mg Tablet | ٣٥٥٥٥٦ |
| ١١. | Enalapril maleate ٢٠mg Scored Tablet | ٣٣٣٣٣٣ |
| | VASODILATORS | |
| ١٢. | Glyceryl trinitrate ٠,٥mg sublingual Tablet | ٤٤٤٤٤٤ |
| ١٣. | Isosorbide dinitrate ٢٠mg (s/r) Tablet | ٣٣٣٣٣٣ |
| ١٤. | Isosorbide dinitrate ٢٠mg retard Capsule | ٤٤٤٤٤٤ |
| ١٥. | Isosorbide mononitrate ١٠mg Tablet | |
| ١٦. | Isosorbide dinitrate ١٠mg Tablet | |
| | ANTACIDS | |
| ١٧. | Aluminium hydroxide (dried) gel ٢٠٠mg +Mag.hydroxide ٢٠٠mg+Simethicone ٢٥mg Tablet | ٨٨٨٨٨٩ |
| | ANTISPASMODICS | |
| ١٨. | Chlordiazepoxide ٥mg + Clidinium Bromide ٢,٥mg Tablet | ٦٦٦٦٦٧ |
| ١٩. | Hyoscine butylbromide ١٠mg Tablet | ٦٦٦٦٦٧ |
| | DRUGS THAT PROMOTE HEALING OF PEPTIC ULCERS | |
| ٢٠. | Omeprazole ٢٠mg Enteric Coated Tablet | ٦٦٦٦٦٧ |

| | | |
|---|---|---|
| ٢١. | Omeprazole ٢٠mg pellets in capsule ( i.e. enteric coated granules of omeprazole filled in empty gelatin Capsule). | |
| ٢٢. | Omeprazole ٤٠mg Enteric Coated Tablet | |
| ٢٣. | Omeprazole ٤٠mg pellets in capsule ( i.e. enteric coated granules of omeprazole filled in empty gelatin Capsule). | |
| ٢٤. | Ranitidine as Hcl ١٥٠mg Tablet | ٦٦٦٦٦٧ |
| | DIRECT ACTING SPASMOLYTIC | |
| ٢٥. | Mebeverine Hcl ١٣٥mg Tablet | ٣٣٣٣٣٣ |
| | MOTILITY STIMULANT (PROKINETIC DRUG) | |
| ٢٦. | Metoclopramide Hcl ٥mg/ml, (٢ml) IM or IV inj Ampoule | ٧٧٧٧٨ |
| ٢٧. | Metoclopramide(as Hcl ) inj ٥mg/ml (٢ml)Ampoule | |
| ٢٨. | Metoclopramide (base) inj ٥mg/ml (٢ml)Ampoule | |
| ٢٩. | Metoclopramide Hcl ١٠mg Tablet or Scored Tablet | |
| ٣٠. | Domperidon as maleate ١٠mg Tablet (Anti emetic) | ٤٤٤٤٤ |
| ٣١. | Domperidon base ١٠mg Tablet (Anti emetic) | |
| | RESPIRATORY SYSTEM | |
| ٣٢. | Aminophylline hydrate ٢٢٥mg (s/r) Tablet | ٤٤٤٤٤٤ |
| ٣٣. | Salbutamol (as sulphate ) ٢mg Tablet | ٣٣٣٣٣٣ |
| | ALLERGIC DISORDERS | |
| ٣٤. | Chlorpheniramine maleate ٤mg Tablet | ٤٤٤٤٤٤ |
| ٣٥. | Diphenhydramine Hcl ٢٥mg Tablet | ٤٤٤٤٤٤ |
| ٣٦. | Loratidine ١٠mg Tablet | ٤٤٤٤٤٤ |
| | RESPIRATORY STIMULANTS | |
| | MUCOLYTICS | |
| ٣٧. | Bromhexine Hcl ٨mg tab | ١٧٧٧٧٨ |
| | ANTIPSYCHOTICS | |
| ٣٨. | Chlorpromazine Hcl inj ٢٥mg/ml, (٢ml) Ampoule | ١٣٣٣ |
| ٣٩. | Olanzapine ١٠mg Tablet | ٨٨٨٨٩ |
| ٤٠. | Olanzapine ٥mg Tablet | ٨٨٨٨٩ |
| | DRUGS USED IN NAUSEA AND VERTIGO | |
| ٤١. | Cinnarizine ٢٥mg Tablet | ٤٤٤٤٤ |
| ٤٢. | Ondansetron as Hcl or as Hcl dihydrate inj ٢mg/ml (٤ml) Ampoule | ٦٦٦٦٧ |
| ٤٣. | Ondansetron ٨mg lyophylisates oral Tablet | ١١١١١١ |
| ٤٤. | One pocket contains :<br>Aprepitant ١ cap: ١٢٥mg/cap<br>Aprepitant ٢ cap: ٨٠ mg /cap | ٢٢٢٢٢ |
| | ANTIEPILEPTICS | |
| ٤٥. | Carbamazepine ٢٠٠mg Tablet | ٤٤٤٤٤٤ |
| ٤٦. | Carbamazepine ٤٠٠mg (c/r) Tablet | ١١١١١١ |
| ٤٧. | Sodium valproate ٢٠٠mg/٥ml Syrup | ١١١١ |
| ٤٨. | Sodium valproate | ٢٢٢٢٢٢ |
| ٤٩. | Sodium valproate ٢٠٠ mg enteric coated tab. | |
| ٥٠. | Sodium valproate | ٦٦٦٦٧ |
| ٥١. | Sodium valproate inj (Powder) ٤٠٠mg Vial with ٤ml ampoule water For inj | ١١١ |
| ٥٢. | Sodium valproate solution ٢٠٠mg/ml Drop | ٨٨٩ |
| ٥٣. | Pregabaline ٧٥ mg capsule | ١٧٧٧٨ |

| | | |
|---|---|---|
| | Cephalosporins | |
| ٥٤. | Cefotaxime (as sodium salt) inj I.V. ١g vial + solvent water for injection(١٠ ml ) (stability ٢٤ hr after reconstitution) | ٤٤٤٤٤ |
| ٥٥. | Ceftriaxon as Sodium or as disodium salt ١g I.M. Injection + solvent ١٪ lidocaine Hcl | ٦٦٦٦٧ |
| ٥٦. | Ceftriaxon as Sodium or as disodium salt ١g I.M. Injection + solvent ١٪ lidocaine Hcl | ٢٢٢٢٢ |
| | Sulphonamide and trimethoprim | |
| ٥٧. | Co-trimoxazole ٤٨٠mg Tablet | ٨٨٨٨٨٩ |
| ٥٨. | Co-trimoxazole ٢٤٠mg/٥ml, Suspension | ٤٨٨٨٩ |
| ٥٩. | Nitrofurantoin ١٠٠mg Tablet | ١١١١١١ |
| ٦٠. | Nitrofurantoin ٢٥mg/٥ml oral solution | ٦٦٧ |
| | ANTIPROTOZAL DRUGS | |
| ٦١. | Metronidazole ٤٠٠mg Tablet | ٨٨٨٨٨٩ |
| ٦٢. | Metronidazole ٥٠٠mg Tablet | ٤٤٤٤٤ |
| ٦٣. | Metronidazole ٥mg/ml, (١٠٠ml) I.V. Infusion Vial | ٣٣٣٣٣٣ |
| ٦٤. | Metronidazole ٢٠٠mg Tablet | ٣٣٣٣٣٣ |
| | ANTIHELMINTHIC DRUGS | |
| ٦٥. | Albendazole ٢٠٠mg chewable or plain Tablet | ٢٢٢٢٢٢ |
| | THYROID HORMONES AND ANTITHYROID DRUGS | |
| ٦٦. | Thyroxine sodium or anhydrous Levothyroxin Sodium tab ٥٠mcg. | ٦٦٦٦٧ |
| ٦٧. | Thyroxine sodium or anhydrous Levothyroxin Sodium tab ١٠٠mcg. | ١١١١١١ |
| | CORTICOSTEROIDS | |
| ٦٨. | Dexamethasone ٠,٥mg Tablet | ٦٦٦٦٧ |
| ٦٩. | Dexamethasone phosphate as di sodium salt or( as sodium salt) inj ٨mg/٢ml (٢ml Amp) IM , IV. IV infusion or intralesional | |
| ٧٠. | Dexamethasone phosphate as di sodium salt or( as sodium salt) inj ٨mg/٢ml (٢ml vial) IM , IV. IV infusion or intralesional | |
| ٧١. | Hydrocortisone as sodium (hydrogen succinate) eq. to ١٠٠mg hydrocortisone (I.M.,slow I.V.,I.V. Infusion) ٢ ml-Amp with ٢ml ampoule water for inj | ٦٦٦٦٧ |
| ٧٢. | Hydrocortisone (hydrogen succinate) eq. to ١٠٠mg hydrocortisone (I.M.,slow I.V.,I.V. Infusion) vial with ٢ml ampoule water for inj | |
| ٧٣. | Hydrocortisone (hydrogen succinate) eq. to ١٠٠mg hydrocortisone I.V ,I.M,inj:١٠٠mg -ACT-O-VIAL SYSTEM (SINGLE DOSE VIAL) | |
| ٧٤. | prednisolone ٥mg Enteric Coated Tablet | ١٣٣٣٣٣ |
| ٧٥. | Prednisolone ٥mg Tablet | |
| | TREATMENT OF VULVAL AND VAGINAL DISEASES | |
| ٧٦. | Clotrimazole ١٪ topical Cream | ١٥٥٥٦ |
| ٧٧. | Clotrimazole | ٥٥٥٥٦ |
| ٧٨. | Clotrimazole | ٤٤٤٤٤ |
| ٧٩. | Miconazole nitrate ٢٠٠mg Vag. Suppository | ٤٤٤٤٤ |
| ٨٠. | Miconazole nitrate ٢٠٠mg Vag.Ovules | |
| ٨١. | Miconazole nitrate ٤٠٠mg Vag.Ovules | |
| ٨٢. | Miconazole nitrate ٤٠٠mg Vag.Suppository | |
| | ANTICOAGULANTS AND PROTAMINE | |
| ٨٣. | Enoxaparin sodium ٦٠mg Injection (٦٠٠٠ IU anti Xa(anti thrombotic effect)) /٠,٦ml prefilled syringe S.C | ١١١١١ |

| | | |
|---|---|---|
| ٨٤. | Enoxaparin sodium ٤٠mg (٤٠٠٠ IU anti Xa(anti thrombotic effect))/٠,٤ml S.C/ intra arterial Injection prefilled syringe (intravasular i-e intra arterial line only in(extra corporeal circulation)) | ١٥٥٥٦ |
| | ANTIPLATELET DRUGS | |
| ٨٥. | Clopidogrel ٧٥ mg | ٥٥٥٥٥٦ |
| | DRUGS USED IN CHRONIC RHEUMATIC DISEASES | |
| ٨٦. | Diclofenac sodium I.M. Inj ٢٥mg/ml (٣ml) Ampoule | ٢٢٢٢٢٢ |
| ٨٧. | Ibuprofen ٢٠٠mg Tablet | ١٧٧٧٧٧٨ |
| ٨٨. | Mefenamic acid ٢٥٠mg Tablet | ٨٨٨٨٨٩ |
| ٨٩. | Mefenamic acid ٢٥٠mg Capsule | |
| ٩٠. | Naproxen ٢٥٠mg Tablet | ١١١١١١١ |
| | Disease modifying drugs | |
| ٩١. | Infliximab ١٠٠mg I.V inj Vial | ١٣٣٣ |
| ٩٢. | Adalimumab ٤٠ mg/٠,٨ ml S.C injection prefilled syringe | ١٠٠٠ |
| ٩٣. | Etanercept S.C ٥٠ mg pfs | ١١١١ |
| ٩٤. | Etanercept S.C ٥٠ mg prefilled pen | |
| ٩٥. | Etanercept S.C ٥٠ mg vial | |
| ٩٦. | Etanercept S.C inj ٢٥ mg.vial | ١١١١ |
| ٩٧. | Etanercept S.C inj ٢٥ mg PFS | |
| ٩٨. | Atropine sulphate inj ٠,٦mg/ml (١ml Ampoule) | ١٧٧٧٨ |
| ٩٩. | Ephedrine Hcl inj ٣٪ ٣٠ mg / ml, slow I.V. injection ١ml ampoule (limited amount)( hypotension prevention in epidural/spinal anaesthesia) لا معتسيل الا دعب افيفختل | ١٠٠٠ |
| | CHEMOTHERAPY OF CANCER AND IMMUNOSUPPRESSION | |
| | CHEMOTHERAPY OF CANCER | |
| | Alkylating agents | |
| ١٠٠. | Chlorambucil ٢mg Tablet | ٤٤٤٤ |
| ١٠١. | Cyclophosphamide ٥٠mg Tablet | ٣٣٣٣ |
| ١٠٢. | Dacarbazine ٢٠٠mg inj (I.V. Infusion and Intra-arterial perfusion) Vial Note: the drug after reconstitution and during infusion should be kept out of light | ٣٣٣ |
| ١٠٣. | Melphalan ٢mg Tablet | ٤٤٤٤ |
| ١٠٤. | Temozolomide ٢٠mg capsule | ١١١١ |
| ١٠٥. | Temozolomide ١٠٠mg capsule | ٢٢٢٢ |
| ١٠٦. | Bendamustine hydrochloride inj ١٠٠mg vial powder for reconstitution | ١١١ |
| | Antimetabolites | |
| ١٠٧. | Cytarabine injection ١٠٠mg I.V. S.C, intrathecal vial | ٢٤٠٠ |
| ١٠٨. | Cytarabine ١ g vial I.V. S.C,intrathecal (as a powder or as a solution) | ٤٤٤٤ |
| ١٠٩. | Fluorouracil ٢٥٠mg Injection (٥ FU) | ٤٦٦٧ |
| ١١٠. | ٥-Fluorouracil inj ٥٠٠mg/١٠ml Vial | ٤٠٠٠ |
| ١١١. | ٦ - mercaptopurine ٥٠mg Tablet | ٦٦٦٦٧ |
| ١١٢. | Methotrexate ٢,٥mg Tablet | ٤٤٤٤٤ |
| ١١٣. | Methotrexate inj ٥٠mg / ٥ml Ampoule | ٤٤٤٤ |
| ١١٤. | Methotrexate inj ٥٠mg / ٥ml Vial | |
| ١١٥. | Methotrexate inj ٥٠mg ( Lyopholized) ٥٠mg/vial | |

| | | |
|---|---|---|
| ١١٦. | Methotrexate ٥٠٠mg/٥ml(vial of ٥ml),concentrated for solution for infusion ,I.V,I.M,Intrathecal and Intraventricular use | ٤٤٤ |
| | Antibiotics | |
| ١١٧. | Daunorubicin ٢٠mg I.V. Injection (Cerubidin Hcl) | ٤٤٤ |
| ١١٨. | Doxorubicin Hcl ١٠mg I.V. inj powder / Vial | ٦٦٧ |
| ١١٩. | Doxorubicin Hcl ١٠mg I.V. inj (٥ml solution )Vial | |
| ١٢٠. | Doxorubicin Hcl ١٠mg rapid dissolution I.V. inj powder/ Vial | |
| ١٢١. | Doxorubicin Hcl ٥٠mg I.V. inj powder / vial | ٨٨٩ |
| ١٢٢. | Doxorubicin Hcl ٥٠mg I.V. inj (٢٥ml solution in vial) | |
| ١٢٣. | Doxorubicin Hcl ٥٠mg rapid dissolution I.V. inj powder / Vial | |
| ١٢٤. | Mitomycin ١٠mg I.V., bladder instillation Injection | ٢٣٣ |
| ١٢٥. | Mitoxantrone as Hcl ٢mg/ml inj (١٠ml vial) | ١١١ |
| ١٢٦. | Epirubicin Hcl ٥٠mg (٥٠ml vial) | ١١١ |
| ١٢٧. | Epirubicin Hcl powder for reconsititution ٥٠mg vial | |
| ١٢٨. | Doxorubicin Hcl (pegylated liposomal )conc.for i.v infusion ٢mg/ml(١٠ml vial )i.e inj pegylated Doxorubicin Hcl ٢mg /ml incapsulated in liposomes | ٢٢٢ |
| | Vinca alkaloids and etoposide | |
| ١٢٩. | Etoposide ٥٠mg Capsule | ١١١١ |
| ١٣٠. | Etoposide ١٠٠mg Capsule | ١١١١ |
| ١٣١. | Etoposide inj. ٢٠mg/ml, ٥ml or ١٠٠mg/٥ml Vial | ١٧٧٨ |
| ١٣٢. | Etoposide inj. ٢٠mg/ml, ٥ml or ١٠٠mg/٥ml Ampoule | |
| ١٣٣. | Vincristine sulphate Injection ١mg (I.V.,I.V. infusion not intrathecal) I.V. only | ٢٢٢٢ |
| | Enzymes | |
| ١٣٤. | (L-asparaginase) ١٠٠٠٠ IU I.V. I.M. inj (I.V. route with isotonic glucose water or physiological solution)(crisantaspase) | ٢٢٢ |
| | Miscellaneous agents | |
| ١٣٥. | Cisplatin inj ٥٠mg I.V. infusion or Cisplatin inj ٥٠mg/٥٠ml I.V. infusion Vial | ١٠٠٠ |
| ١٣٦. | Carboplatin inj ١٠mg/ml (٤٥ml) Vial i-e ٤٥٠mg/٤٥ml | ٦٦٧ |
| ١٣٧. | Capecitabine ٥٠٠mg tablet | ٤٤٤٤٤ |
| ١٣٨. | Hydroxyurea ٥٠٠mg Capsule | ٥٥٥٥٦ |
| | Hormones and antagonists | |
| ١٣٩. | Anastrozole tab ١mg. | ١٢٢٢٢ |
| ١٤٠. | Tamoxifen as citrate ٢٠mg Tablet | ٢٦٦٦٧ |
| ١٤١. | Bicalutamide ٥٠mg tablet | ٢٢٢٢ |
| ١٤٢. | Abiraterone acetate ٢٥٠ mg tab | ١١١١ |
| | Drugs that alter immune responses (Drugs affecting the immune responses) | |
| ١٤٣. | Azathioprine ٥٠mg Tablet | ٤٤٤٤٤ |
| ١٤٤. | Cyclosporine (Microemulsion) ١٠٠mg Capsule (limited amount) | ٤٤٤٤ |
| ١٤٥. | Cyclosporine (Microemulsion)١٠٠mg/ml oral Solution | ١١١١ |
| ١٤٦. | Interferon alfa-٢a (Recombinant) ٩ million units prefilled syring (HSA free solution) Injection | ١٢٧ |
| ١٤٧. | Interferon alfa ٢b (Recombinant) ١٨ MIU (٦ dose x ٣ MIU) S.C Multi dose self inj pens (HSA free solution) | ١١١ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٤٨. | Peginterferon alfa ٢a inj (Recombinant) ١٨٠mcg/١ml solution ١ml-vial (Human serum albumin free) (١ml) Vial | ٤٤٤٤ |
| ١٤٩. | Peginterferon alfa ٢a (Recombinant) ١٨٠mcg/٠,٥ml prefilled syring | |
| ١٥٠. | Peginterferon alfa ٢a (Recombinant) ١٣٥mcg/١ml solution (Human serum albumin free) (١ml) Vial | ٧٧٨ |
| ١٥١. | Peginterferon alfa ٢a (Recombinant) ١٣٥mcg/٠,٥ml solution (Human serum albumin free) prefilled syring | |
| ١٥٢. | Recombinant Interferon Beta. ١b . inj.Vial of ٠,٣ mg (٩,٦million IU).(s.c) | ٢٢٢٢ |
| ١٥٣. | Interferon Beta ١a ٣٠mcg (٦ million I.U) vial (I.M) | ٢٢٢٢ |
| ١٥٤. | Interferon Beta ١a ٣٠ mcg ( ٦ million) I.U / ٠,٥ ml pre-filled syring solution for I.M. inj. | ١٣٣٣ |
| ١٥٥. | Recombinant interferon Beta ١a inj ١٢ million I.U (٤٤ mcg) PFS | ١٣٣٣ |
| ١٥٦. | Imatinib as mesylate (Protein – Tyrosine kinase inhibitor) ١٠٠mg Capsule | ٢٧٧٧٨ |
| ١٥٧. | Mycophenolate mofetil ٥٠٠mg Tablet | ٨٨٨٨٩ |
| ١٥٨. | Imatinib as mesylate (Protein – Tyrosine kinase inhibitor) ٤٠٠mg tab | ٣٣٣٣٣ |
| ١٥٩. | Imatinib as mesylate (Protein – Tyrosine kinase inhibitor) ٤٠٠mg Capsule | ٣٣٣٣٣ |
| ١٦٠. | Tacrolimus ١mg Capsule | ٨٨٨٩ |
| ١٦١. | Tacrolimus prolonged release ٣ mg hard gelatin cap. | ٨٨٨٩ |
| ١٦٢. | Tacrolimus ٥٠٠mcg Capsule | ٢٢٢٢ |
| ١٦٣. | Mycophenolic acid as sod.Salt i.e Mycophenolic acid as mycophenolate sod.٣٦٠mg Tablet | ٤٤٤٤٤ |
| ١٦٤. | Rituximab(Recombinant)١٠٠mg/١٠ml-Vial | ١١١١ |
| ١٦٥. | Thalidomide ٥٠mg cap | ١٣٣٣٣ |
| ١٦٦. | Thalidomide ٥٠mg tab | ١٣٣٣٣ |
| ١٦٧. | Everolimus ١٠ mg tab | ١٥٥٦ |
| ١٦٨. | Erlotinib as Hcl ١٥٠mg Tablet | ١٥٣٣ |
| ١٦٩. | sunitinib (as malate) ٥٠mg cap | ٩١١ |
| ١٧٠. | Peginterferon alfa ٢b (Recombinant) ٥٠mcg /٠,٥ml when reconstituted-singl dose vial (without blood addatives) s.c injection | ٢٢٢ |
| ١٧١. | Dasatinib as monohydrate ١٠٠ mg tab | ١٦٦٧ |
| ١٧٢. | Nilotinib as Hcl monohydrate ٢٠٠ mg cap | ٣٣٣٣ |
| ١٧٣. | Nilotinib as Hcl monohydrate ١٥٠ mg cap | ٣٣٣٣ |
| ١٧٤. | sorafenib (as tosylsate) ٢٠٠mg tab | ٢٢٢٢ |
| ١٧٥. | Lenalidomide ١٠mg tablet | ٦٦٧ |
| ١٧٦. | Lenalidomide ١٠mg capsule | ٦٦٧ |
| ١٧٧. | Lenalidomide ٢٥mg tablet | ٦٦٧ |
| ١٧٨. | Lenalidomide ٢٥mg capsule | ٦٦٧ |
| ١٧٩. | Natalizumab ٢٠mg/ml ١٥ml injection | ٥٥٦ |
| | DRUGS USED IN NEUTROPENIA | |
| ١٨٠. | Filgrastim ٣٠٠mcg(٣٠MU) /١ml S.C/I.V infusion inj (solution) Vial | ١١١١١ |
| ١٨١. | Filgrastim ٣٠٠mcg /٠,٥ml S.C/ I.V infusion inj (solution) prefilled syring | ١١١١١ |
| ١٨٢. | Lenograstim ٣٣,٦ million IU ( ٢٦٣ µg) powder in vial | ١١١١١ |

| | | |
|---|---|---|
| | TAXANE GROUP | |
| ١٨٣. | Docetaxel ٤٠mg/ml (٠,٥ml vial) inj | ٤٦٧ |
| ١٨٤. | Docetaxel ١٠mg/١ml ٢ml vial | ٤٦٧ |
| ١٨٥. | Docetaxel ٢٠mg/١ml,١ml vial | ٤٦٧ |
| ١٨٦. | Docetaxel ١٠mg/١ml ,٨ml vial | ١٣٣ |
| ١٨٧. | Docetaxel ٢٠mg/١ml ,٤ml vial | ١٣٣ |
| | CYTOSTATIC TOPOISOMERASE (١) INHIBITOR | |
| ١٨٨. | Irinotecan Hcl or Hcl Trihydrate I.V infusion : ٢٠mg/ml (٥ml-vial) | ٥٥٦ |
| | Others | |
| | IMMUNOLOGICAL PRODUCTS | |
| | vaccines & Antisera | |
| ١٨٩. | Human Rabies Immunoglobulin syringe-single dose | ٤٤٤ |
| ١٩٠. | Tetanus Immunoglobulin Ampule -single dose | ١١١١١ |